ئاستەمە

بەردەوامبوون



نوسینی

مەریەم


بسم الله الرحمن الرحيم



استقامة

بەردەوامبوون

نوسینی : مەریەم

وەرگێڕانی فەرموودەکان : طالبة العلم

دیزاین : ئەحمەد

پێداچونەوەی : بارۆ



بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی

إنَ الحَمدَ لِلهِ نَحمَده وَنَستَعِينه وَنَستَغفِره، وَنَعوذ بِاللهِ مِن شرورِ أَنفسِنَا وَمِن سَيِئَاتِ أَعمَالِنَا، مَن يَهدِهِ الله فَلاَ مضِلَ لَه، وَمَن يضلِل فَلاَ هَادِىَ لَه، وَأَشهَد أَن لاَ إِلَهَ إِلاَ الله وَحدَه لاَ شَرِيكَ لَه، وَأَشهَد أَنَ محَمَدًا عَبده وَرَسوله

*{يَا أَيهَا الَذِينَ آمَنوا اتَقوا اللهَ حَقَ تقَاتِهِ وَلَا تَموتنَ إِلَا وَأَنتم مسلِمونَ}

(آل عمران:102)

*{يَا أَيهَا النَاس اتَقوا رَبَكم الَذِي خَلَقَكم مِن نَفسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنهَا زَوجَهَا وَبَثَ مِنهمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَقوا اللهَ الَذِي تَسَاءَلونَ بِهِ وَالأَرحَامَ إِنَ اللهَ كَانَ عَلَيكم رَقِيبًا} **(النساء:1)**

*{يَاأَيهَا الَذِينَ آمَنوا اتَقوا اللهَ وَقولوا قَولاً سَدِيدًا * يصلِح لَكم أَعمَالَكم وَيَغفِر لَكم ذنوبَكم وَمَن يطِعِ اللهَ وَرَسولَه فَقَد فَازَ فَوزًا عَظِيمًا}

(الأحزاب: 70، 71)

***أَمَا بَعد فَإِنَ خَيرَ الحَدِيثِ كِتَاب اللهِ، وَخَيرَ الهَدي هَدي محَمَدٍ صلى الله عليه وآله وسلم، وَشَرَ الأمورِ محدَثَاتهَا، وَكلَ محدَثَةٍ بِدعَةٌ، وَكلَ بِدعَةٍ ضَلاَلَةٌ، وَكلَ ضَلاَلَةٍ فِى النَار**



سوپاس وستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان ، بەهۆی پێشەوایانی ڕێنمونیکارەوە نیعمەتی ڕژاندوە بەسەر ئوممەتی موسوڵمانانەوە ، شایەتی ئەدەم هیچ پەرستراوێک نیە جگە لە (اللە)، تاک و تەنهاو بێ هاوبەشە ، شایەتی ئەدەم کە محمد صلی اللە علیە وسلم بەندە ونێردراو و لەباشترین دروستکراوەکانیدا هەڵی بژاردوە ، ئەی خودایە درودو میهرەبانی بڕژێنە بەسەر پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم و ئالوبەیتی چاک و پاک ، ئەی خودایە ڕازیببە لەهاوەڵانی و جێنشینەکانی و ئەوکەسانەش کەلەسەر بەرنامەو پەیڕەوی ئەوانن تاوەک وڕۆژی هەستانەوە ...

سەبارەت بەم کتێبە

ئەم پەرتووکە بریتیە لەباسێکی کورتی تەوبە کەوەک بیرخستنەوەیەک خستومەتە ڕووی ئێوەی خوێنەر ، گرنگی ئەم پەرتوکە بریتیە لەباسی استقامەت (بەردەوام بون) وە جێگیر بون لەسەری ، ئەویش بەخستنەڕووی چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز و چەندان حەدیثی سەروەرمان صلی اللە علیە وسلم ، وهێنانەوەی چەند قەولێکی صەحابە و تابعی و اتباعی تابعین (خیر القرون) .....



بەشی یەکەم

کورتە باسێکی تەوبە

خوای تعالی دەفەرنوێ : أَلَمۡ يَأۡنِ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن تَخۡشَعَ قُلُوبُهُمۡ لِذِكۡرِ ٱللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ ٱلۡحَقِّ وَلَا يَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلُ فَطَالَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡأَمَدُ فَقَسَتۡ قُلُوبُهُمۡۖ وَكَثِيرٞ مِّنۡهُمۡ فَٰسِقُونَ **(الحديد16)**

(ئایا ئیتر کاتی ئەوە نەهاتوە بۆ ئەوانەی کەباوەڕیان هێناوە، دڵەکانیان نەرم بێت و ترسی خوای تێدا بڕوێنن بەهۆی یادی بەردەوامی خواو ئەو قورئانەی کەرەوانەکراوە، وەک ئەو کەسانەنەبن کەکتێبی ئاسمانییان بۆ ڕەوانەکرا، بەڵام دوای تێپەڕ بوونی ماوەیەکی دوورو درێژ، دڵیان ڕەق و ڕەش بوو، زۆربەشیان یاخی و سەرکەش و نالەبار دەرچوون)

*** با بزانین پەروەردگارمان چی لە ئێمە دەوێت .**

[وَٱللَّهُ يُرِيدُ أَن يَتُوبَ عَلَيۡكُمۡ وَيُرِيدُ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلشَّهَوَٰتِ أَن تَمِيلُواْ مَيۡلًا عَظِيمٗا] **(النساء 27)**

(خوای گەورە دەیەوێت تەوبەتان لێ وەربگرێت، وە چاوپۆشی لە گوناهەکانتان بکات. وە ئەوانەش کە بەشوێن خۆشی



وئارەزووەکانی خۆیانەوەن دەیانەوێت لەڕێگای ڕاست زۆر دوورتان بخەنەوە ولەخشتەتان بەرن)

لێرەدا بۆمان ڕوونە کەخودای گەورە لەشەیاطینە ئینسەکانی دەوروبەرمان ئاگادارمان دەکاتەوە کە بەرەو تاوان وگوناهمان دەبەن پێویستە خۆمانیان لێ بپارێزین و نەکەوینە داوی پلانە شارانگێزەکانیان ،

خودای گەورە بەبێ جیاوازی بە هەموومان دەفەرمووێ ، [وَتوبوا إِلَى اللهِ جَمِيعًا] {سورة النور ئاية 31} (ئەی ئیمانداران بەرەو لای خواو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی ڕزگارو سەرفرازبن) ئەگەر خۆت بەئیماندار وبەندەی خودا دەزانی ئەوە پەروەردگار لەگەل تۆیەتی خوای گەورە پێمان دەفەرموێ بگەڕێینەوە بۆ لای.. خودایەک بەو هەمووە گەورەییەو باڵا دەستیە داوامان لێبکات بگەڕێینەوە بۆ لای ئەو چ شەرمەزاریەکە بۆ ئێمەی مرۆڤ کە بەدەم داواکەی ئەوەوە نەڕۆین.. خودایەک بەو میهرەبانیەیەوە بانگمان بکات و پێمان بفەرموێ بگەڕێنەوە چ سەر شۆڕیەکە لەپاش بینینی ئەو ئایەتانەوە هێشتان نەگەڕێینەوە بۆ لای زاتی میهرەبانی و تۆبە نەکەین ..!



تەوبە چیە؟

تەوبە واتە گەرانەوە لە خراپەکاری و سەرپێچی خوای پەروەردگارەوە بۆ چاکەکاری و گوێرایەڵی خوای پەروەردگار ئەمە مانای تەوبەیە، وە لەهەموو گوناهێك تەوبە کردن واجبە، واتە واجبە هەموو مرۆڤێك کاتێك دەکەوێتە ناو گوناهـ و تاوان تەوبە بکات

وشەی تەوبە وشەیەکی زۆر گەورەیە پێویستی بە بیرکردنەوە و وردبونەوەیە لێی ... تەوبەکردن تەنیا وشەیەک نیە بەدەم بیلێی و بەردەوام گوناهـ وتاوانیش ئەنجام بدەی، تەوبەکردنیش بێگومان مەرجی خۆی هەیە هەندێک لەزانایان چەند مەرجێکیان داناوە :
بەرلەهەموشتێک دەبێت ئیخلاصت (نیەت پاکی) هەبیت تەوبەکردنەکەت لەپێناو خودابێت نەوەک کەسێک یان شتێک ، هەروەها ڕاستگۆ بیت لەگەڵ پەروەردگارت..

یەکەم : دەست بەجێ واز لەتاوانەکە بهێنیت

دووەم : پەشیمان بیت لەو تاوانانەی لەڕابردوو کردوتە

سێیەم: سووربیت لەسەر ئەوەی بەهیچ شێوەیەک نەگەڕێیتەوە سەر تاوانەکە

چوارەم : داوای گەردەن ئازایی کردن لەو کەسانەی کەڕۆژێک لەرۆژان خراپەیەکت بەرامبەر کردوە یا مافیت خواردوە

بێگومان خودای گەورە لێبوردە ولێ خۆشبوە لەبەندەکانی هەروەک دەفەرمووێ [وَأَنِ استَغفِروا رَبَكم ثمَ توبوا إِلَيهِ] {سورة هود ئاية 3} (خەڵکینە! داوای لێخۆشبوون لە پەروەردگارتان بکەن، لەوەودوا بگەڕێنەوە بۆ لای)

لە ابو هرەیرەوە گێردراوەتەوە .. عَن أَبِي هرَيرَةَ، قَالَ: قَالَ رَسول اللهِ صَلَى الله عَلَيهِ وَسَلَمَ ((مَن تَابَ قَبلَ أَن تَطلعَ الشَمس مِن مَغرِبِهَا، تَابَ الله عَلَيهِ)) رواە مسلم ٢٧٠٣

واتە: ((هەر کەسێك تەوبە بکات پێش ئەوەی خۆر لە خۆرئاواوە هەڵبێت ، خوای گەورە تەوبەکەی لێ وەردەگرێ))

هەربۆیە هیچ کات نا ئومێد نەبن لەڕەحم وبەزەیی پەروەردگار و تا زووە تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە ، خودای میهرەبان دەفەرمووێ ... [قل يَا عِبَادِيَ الَذِينَ أَسرَفوا عَلَىٰ أَنفسِهِم لَا تَقنَطوا مِن رَحمَةِ اللهِ إِنَ اللهَ يَغفِر الذنوبَ جَمِيعًا إِنَه هوَ الغَفور الرَحِيم] {سورة الزمر 53}

(ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ: خوا دەفەرموێت: ئەی بەندەکانم.. ئەوانەی کە خۆتان گوناهبار کردووە و هەڵەتان زۆرە، نائومێد مەبن لە ڕەحمەتی خوا، چونکە بەڕاستی ئەگەر ئێوە تەوبەی ڕاست و دروست بکەن، خوا لەهەموو گوناهو هەڵەکانتان خۆش دەبێت، چونکە

بێگومان ئەو خوایە زۆر لێخۆشبوو لێبوردەیە و زۆر بە سۆزو میهرەبانیشە)

مرۆڤ کە تەوبەی کرد وگەڕایەوە لای خودا ئایا خودا بەس لێی خۆشدەبێ ؟

بێگومان نەخێر هەوەک خودای باڵادەست دەفەرمووێ ... [إِلَا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُولَٰئِكَ يبَدِل الله سَيِئَاتِهِم حَسَنَاتٍ وَكَانَ الله غَفورًا رَحِيمًا] {سورة الفرقان ئاية 70}

(مەگەر ئەو کەسەی تەوبە بکات و باوەڕ بهێنێت وکار وکردەوەی چاکە ئەنجام بدات، ئا ئەو جۆرە کەسانە خوا کار و کردەوە خراپەکانیشیان بۆ دەگۆڕێت بە چاکە، چونکە هەمیشە و بەردەوام خوا لێخۆشبوو میهرەبانە)

وە دەمەوێت ئەوەشتان بیر بخەمەوە کەخودای میهرەبان تەوبەکاران و پاکەکانی خۆشدەوێت وەک دەفەرموێت ..

(إِنَ اللهَ يحِب التَوَابِينَ وَيحِب المتَطَهِرِينَ) [سورة البقرە ئاية 222] (بەڕاستی خوا تەوبەکاران و پاکەکانی خۆشدەوێت)



بەشی دووەم

استقامة

موسولمانانی ئازیز کە خودای گەورە ئەو فەضل و منەتەی لەگەرکردین و هیدایەتی داین و خۆشی ویستین پێویستە لەسەر ئێمەی بەندە وافادار بین و ڕاستگۆبین لەگەل پەروەردگارمان لە تەوبەکردنەکەمان و جێگیر بین لەسەر ئەوتەوبەیەمان هەروەک وییەکەم سات وە ترسمان هەبێت لەوەی کە دڵەکانمان بگۆڕێت ولەسەر تەوبەکەمان بەردەوام نەبین پێویستە هەمووکاتێک دوعای بەردەوامبون بخوێنین

وە پێداگیریمان لەسەر بەردەوامبون لەتەوبەو گەڕانەوە بەکەم نەبینین چونکە خوای گەورە باسی ئەوکەسانەمان بۆدەکات کەلەپاش جێگیر بون وبەردەوامبونیان کەوتنە ناو گوناھ وتاوان بەهۆی ئەو گوناھ وتاوانەوە خوای گەورە ئەو بەردەوامیەی لێ سەندنەوە وە لەئایندەدا توشی سزایەکی زۆر توند وبەئازاریان دەکات بەردەوامبون وجێگیر بون تەنها قسەیەک نیە دەبێ کردارت هەبی وصەبرت هەبی لەسەر نەکردنی هەرشتەک کەسنوری پەروەردگارت دەبەزێنی و توشی تاوان و گومڕاییت دەکات ، واتا بەردەوامیە لەسەر گوێڕایەڵی کردنی خودا بەبێ دەست بەردار بون ، ئەوەیە کە گوێڕایەڵی خودا بکەی بە زانینی علم و ئەمرەکانی ،



هەروەها لەدوای سونەتی پغەمبەرمان محمد (صل الله علیه وسلم) بڕۆین ، بەبێ بیدعەو تەفرەقە، پێویستە لەسەرمان ئیستیقامەتمان هەبیت و ملکەچ ببین ، هەموومان دەزانین شەیاطینەکان و نەفسی خۆمان بەرەو تاوان و گوناهمان دەبەن ، ئەگەر بێت وباسێکی استقامەت بکەین دەبینین کەزانایان لەدوو موفڕەد کۆیان کردیتەوە ، یەکەمیان (قائیم) ە زانایان دەفەرموون ئەسلی ئیستقامە لە قائیمەوە وەرگیراوە قائیمیش چیە ؟ یانی الثابت المونطصب بریتیە لەکەسێک کە جێگیر بێت ، (ڕاوەستاو)

دووەمیان (القیمة) قیمەت یا نرخ هەرکەسێک مستقیم بیت نرخی خۆی دەزانی نرخی دینەکەی دەزانی نرخی خوداکەی دەزانی نایگۆڕێتەوەبەهیچ شتێک و هیچ حەز وئارەزویەک ،

خودای گەورە لەقورئاندا بەچەندین جۆر باسی بەردەوامی و جێگربونمان بۆ دەکات واجبە لەسەرمان کە جێگیربین .

خۆڕاگری وبەردەوامبونمان لەسەر عیبادەت و چاکەکاری وە جێگیر بونمان لەسەر تەوبە وادەکات کە خودای پەروەردگار لەهەموو ڕوێکەوە بەرەکەت بخاتە ناو ژیانمان وەلەناو ناز ونیعمەتەکانی خۆیدا بەهرەوەرمان دەکات

وە گەورەترین نمونەیەک کە بیهێنینە بەرچاومان و لێی ڕابمێنین ژیانی پێغەمبەرانە علیهم الصلاه والسلام کە ئەو پێغەمبەرە نازدارانە ئەگەر بێتو ژیاننامەیان بخوێنینەوە



دەبینین چەندان ناخۆشی وئازار وئەشکەنجە و دەربەدەریان بینیوە لەپێناو گەیاندنی دینەکەی اللە سبحان وتعالی و لەگەڵ ئەوەشدا سارد نەبونەوە و بەردەوام بون لەسەر گەیاندنی پەیامەکەی پەروەردگار و جێگیربون وەک ئەوەی خودا فەرمانی پێ کردبون لەوانەدا پێغەمبەری خۆمان (محمد)صلی اللە علیە وسلم ئەگەر بچین سیرەی بخینینەوە دەزانین کە چەند نارەحەتی و ئەشکەنجەی چەشتوە ، وەچەندین جار لەلایەن خەلکەوە ئازاردرا وسوکایەتی پێکرا کەچی هەر بەردەوام بوو

وە ئیمامی ابن قیم رحمە اللە دەفەرموێ [لەو لایەنە بە کە خودا و پێغەمبەرەکەی لەوێن، ئەگەر چی خەڵکانی تر هەموی لە لایەکەی تر بن]

ئایەتەکانی قورئان دەربارەی استقامەت

1.. (كَيفَ يَكون لِلمشرِكِينَ عَهدٌ عِندَ اللهِ وَعِندَ رَسولِهِ إِلَا الَذِينَ عَاهَدتم عِندَ المَسجِدِ الحَرَامِ فَمَا استَقَاموا لَكم فَاستَقِيموا لَهم إِنَ اللهَ يحِب المتَقِينَ) [توبة 7]

(چۆن پەیمان دەبێت بۆ هاوەڵگەران ئەوانەی کە چەندەها جار پەیمان دەشکێنن لای خواو لای پێغەمبەرەکەی ؟! جگە

لەوانەی کە لە پاڵ مزگەوتی حەرام و (کەعبەدا) پەیمانتان لەگەڵیاندا مۆرکرد هەتا ئەوان پابەند و ڕاست و دروست بن لەسەر پەیمانەکەیان بەرامبەر ئێوەوە ئەوە ئێوەش پابەندو ڕاست و ڕەوان بن بۆیان، چونکە بەڕاستی خوا پارێزکارانی خۆش دەوێت)

2.. (قل إِنَمَا أَنَا بَشَرٌ مِثلكم يوحَىٰ إِلَيَ أَنَمَا إِلَٰهكم إِلَٰهٌ وَاحِدٌ فَاستَقِيموا إِلَيهِ وَاستَغفِروه وَوَيلٌ لِلمشرِكِينَ) (فصلت6)

(ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، پێیان بڵێ: دڵنیابن کە من هەر بەشەرێکم وەک ئێوە جیاوازیەکە تەنها ئەوەیە من وەحی ونیگام بۆ دەکرێت کە بێگومان خوای ئێوە خوایەکی تاک و تەنهایە، کەوابوو ئێوەش ڕووی تێ بکەن، بەڕاستی بیپەرستن لە ڕێبازەکەی لامەدەن داوای لێخۆشبوونی لێبکەن و چاک بزانن کە وەیل و سزای سەخت بۆ موشریک و هاوەڵگەران ئامادەیە)

3.. (إِنَ الَذِينَ قَالوا رَبنَا الله ثمَ استَقَاموا تَتَنَزَل عَلَيهِم المَلَائِكَة أَلَا تَخَافوا وَلَا تَحزَنوا وَأَبشِروا بِالجَنَةِ الَتِي كنتم توعَدونَ) (فصلت 30)

(ئەوانەی بەڕاستی وتیان: پەروەردگارمان (الله) یە، لەوەودوا بەردەوام پابەندی ئەو ڕێبازە ڕاستە بوون، ئەوە لە سەرەمەرگدا دەستە دەستە فریشتە دادەبەزن بۆلایان،

پێیان دەڵێن: هیچ ترس و بیمێکتان نەبێت لە داهاتوو، هیچ غەم و پەژارەیەکتان نەبێت بۆ ڕابردوو، مژدەتان لێ بێت بەو بەهەشتەی کە لە کاتی خۆی بەڵێنتان پێ دەدرا)

4..(إِنَ الَذِينَ قَالوا رَبنَا الله ثمَ استَقَاموا فَلَا خَوفٌ عَلَيهِم وَلَا هم يَحزَنونَ)(13الاحقاف)

بەڕاستی ئەوانەی کەدەڵێن: پەروەردگارمان اللە یەو، پاشان) پابەندی ئەو ئیمانە دەبن وڕاست وڕەوان پەیڕەوی دەکەن و لەسەری بەردەوامن، ئەوانەهیچ جۆرە ترس و بیمێکیان (لەسەر نی یە و دڵتەنگ نابن

5 ..(قَالوا يَا قَومَنَا إِنَا سَمِعنَا كِتَابًا أنزِلَ مِن بَعدِ موسَىٰ مصَدِقًا لِمَا بَينَ يَدَيهِ يَهدِي إِلَى الحَقِ وَإِلَىٰ طَرِيقٍ مستَقِيمٍ)(الاحقاف30)

جنۆکە باوەڕدارەکان وتیان: ئەی گەلەکەمان بەڕاستی) ئێمە گوێمان لە پەڕاوێك بوو کە پاش موسا ڕەوانە کراوە و دان دەنێت بەوەی کە لە پێش خۆیدا هاتووە کە ڕێنمونی (دەکات بۆ حەق و بۆ ڕێگای ڕاست

6 ..(وَأَن لَوِ استَقَاموا عَلَى الطَرِيقَةِ لَأَسقَينَاهم مَاءً غَدَقًا)

(الجن 16)

جا ئەگەر ئەو خەڵکە ڕێگەی ئیسلامەتی و دینداری بگرنە) (بەر ئێمە بارانی پڕ بەرەکەتیان بەسەردا دەبارێنین

7 ..(اهدِنَا الصِرَاطَ المستَقِيمَ) (الفاتحه 6)

خوایە بەردەوام ڕێنموویيمان بفەرموو بۆ ئەم ڕێبازی ڕاست (و دروستی ئیسلامە)

8 ..(سَيَقول السفَهَاء مِنَ النَاسِ مَا وَلَاهم عَن قِبلَتِهِم الَتِي كَانوا عَلَيهَا قل لِلهِ المَشرِق وَالمَغرِب يَهدِي مَن يَشَاء إِلَىٰ صِرَاطٍ مستَقِيمٍ)(البقره 142)

نەفام و دەم بەتاڵەکان لە خەڵکی (دوای گۆڕینی ڕووگە لە قودسەوە بۆ کەعبە) دەڵێن: باشە چی وای لێکردن کە واز لە ڕووگە پێشوەکە بهێنن؟! کە جاران ڕوویان تێدەکرد، پێیان بڵێ: ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و هەموولایەك خوا خاوەنیەتی، هەر کەسێکی بوێت ڕێنموویی دەکات بۆ ڕێگەو ڕێبازی ڕاست و ڕەوان)

9) .. (وَالله يَهدِي مَن يَشَاء إِلَىٰ صِرَاطٍ مستَقِيمٍ) (البقره213

خوا ڕێنموویی هەرکەسێک دەکات کە بیەوێت و شایستە (بێت بۆ ڕێگە و ڕێبازی ڕاست و دروست

10 ..(إِنَ اللهَ رَبِي وَرَبكم فَاعبدوه هَٰذَا صِرَاطٌ مستَقِيمٌ)

(ال عمران51)

بەڕاستی هەر خوا پەروەردگاری منیش و ئێوەشە، کەواتە) تەنها ئەو بپەرستن و ملکەچی ئەو بن، ئەمەیە ڕێبازی ڕاست (و دروست

11 ..(وَكَيفَ تَكفرونَ وَأَنتم تتلَىٰ عَلَيكم آيَات اللهِ وَفِيكم رَسولُه وَمَن يَعتَصِم بِاللهِ فَقَد هدِيَ إِلَىٰ صِرَاطٍ مستَقِيمٍ)(ال عمران101)

جا ئێوە چۆن کافر دەبن لە کاتێکدا کە ئایەتەکانی خواتان) بەسەردا دەخوێنرێتەوە و پێغەمبەرەکەی لەناوتانداید (دوای وەفاتیشی (صلی الله علیه وسلم) بەسیرەتی پاک و بێگەردی هەر لەناومانداید) جا ئەوەی پشت بەخوا ببەستێت و پەیڕەوی لە بەرنامەکەی بکات، ئەوە بەڕاستی بۆ ڕێگەو (ڕێبازێکی ڕاست و دروست هیدایەت دراوە

12 ..(وَلَهَدَينَاهم صِرَاطًا مستَقِيمًا) (النساء68)

(بەتەواویش هیدایەت و ڕێنموویمان دەکردن بۆ ڕێگەو ڕێبازی ڕاست و دروست)

13 ..(فَأَمَا الَّذِينَ آمَنوا بِاللهِ وَاعتَصَموا بِهِ فَسَيدخِلهم فِي رَحمَةٍ مِنه وَفَضلٍ وَيَهدِيهِم إِلَيهِ صِرَاطًا مستَقِيمًا)(النساء175)

(جا ئەوانەی باوەڕیان بەخوا هێناوە و شوێنی بەرنامەکەی کەوتوون، ئەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا خوا دەیانخاتە ژێر سایەی فەزڵ و ڕەحمەتی تایبەتی خۆیەوە و هیدایەت و ڕێنموویی دەکات بۆ لای خۆی لە ڕێگەی ڕێبازێکی ڕاست و دروستەوە)

14 ..(يَهدِي بِهِ الله مَنِ اتبَعَ رِضوَانَه سبلَ السَلَامِ وَيخرِجهم مِنَ الظلمَاتِ إِلَى النورِ بِإِذنِهِ وَيَهدِيهِم إِلَىٰ صِرَاطٍ مستَقِيمٍ) (المائده 16)

(بێگومان خوا بەو قورئانە پیرۆزە هیدایەت و ڕێنموویی ئەو کەسانە دەکات کە شوێن ڕەزامەندی خوا کەوتوون، بەرەو ڕێبازەکانی ئاشتی و ئاسودەیی و لە تاریکایی یەکان دەریاندەهێنێت و ڕزگاریان دەکات و دەیانخاتە ناو ڕوناکیەوە بەفەرمانی خۆی و ڕێنموویی دەکات بۆ سەر ڕێگەو ڕێبازی ڕاست و دروستی دینداری و خواناسی و چاکە)

15 ..(وَالَّذِينَ كَذَبوا بِآيَاتِنَا صمٌ وَبكمٌ فِي الظلمَاتِ مَن يَشَإِ الله يضلِلِه وَمَن يَشَأ يَجعَله عَلَىٰ صِرَاطٍ مستَقِيمٍ) (الانعام39)

(ئەوانەی کە بڕوایان نەکردووە بەئایەت و فەرمانەکانی ئێمە، کەڕن حەق نابیستن و لاڵن حەق ناڵێن لەناو تاریکیەکاندا



ژیان دەبەنەسەر، بێگومان ئەوەی خوا بیەوێت گومڕای دەکات و ئەوەش کە بیەوێت دەیخاتە سەر ڕێبازی ڕاست و ڕەوان)

16 ..(وَمِن آبَائِهِم وَذرِيَاتِهِم وَإِخوَانِهِم وَاجتَبَينَاهم وَهَدَينَاهم إِلَىٰ صِرَاطٍ مستَقِيمٍ) **(الانعام87)**

(هەروەها هەندێک لە باوانیان و نەوەکانیان و براکانیانمان هەڵبژاردو هیدایەت و ڕێنموویمان کردن بۆ ڕێگەو ڕێبازی ڕاست و دروست)

17.. (وَهَٰذَا صِرَاطُ رَبِّكَ مستَقِيمًا قَد فَصَلنَا الآيَاتِ لِقَومٍ يَذَّكَرونَ) **(الانعام 126)**

(ئا ئەم قورئانە ڕێگەو ڕێبازو بەرنامەی پەروەردگاری تۆیە کە ڕاست و دروستە، بێگومان ئێمە هەموو بەڵگە و فەرمانەکانمان ڕوون کردۆتەوە بۆ کەسانێک کە یاداوەری وەردەگرن)

18.. (وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مستَقِيمًا فَاتَبِعوه وَلَا تَتَبِعوا السبلَ فَتَفَرَقَ بِكم عَن سَبِيلِهِ ذَٰلِكم وَصَاكم بِهِ لَعَلَكم تَتَقونَ)**(الانعام153)**

(بێگومان ئەمەی کە باسکرا ڕێبازی منە کە ڕاستە دە ئێوەش شوێنی بکەون و شوێنی ڕێچکەکانی تر مەکەون چونکە



جیاتان دەکاتەوە لە ڕێبازی خوا، ئەوەش پەروەردگارتان فەرمانی پێ کردوون، بۆ ئەوەی خواناس و پارێزکار بن)

19.. (قل إِنَنِي هَدَانِي رَبِي إِلَىٰ صِرَاطٍ مستَقِيمٍ دِينًا قِيَمًا مِلَةَ إِبرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ المشرِكِينَ) (الانعام161)

(ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ: بەڕاستی من پەروەردگارم هیدایەت و ڕێنموونی کردووم بۆ ڕێگە و ڕێبازی ڕاست و دروست، ئاینێک کە ڕاگری ژیانی خەڵکە، ئەویش ئاینی ئیبراهیمە کە دوورە لە هەموو لادان و ناڕێکیەکەوە و ئەو هەرگیز لە ڕیزی موشریک و هاوەڵگەراندا نەبووە)

20..(قَالَ فَبِمَا أَغوَيتَنِي لَأَقعدَنَ لَهم صِرَاطَكَ المستَقِيمَ) (الاعراف16)

(شەیتان وتی: بەهۆی ئەوەی کە تۆ منت گومڕاو سەرگەردان کرد، ئەوە سوێند بێت منیش لە ڕێگە ڕاستەکەتدا لایان دەدەم)

21.. (وَاللهَ يَدعو إِلَىٰ دَارِ السَلَامِ وَيَهدِي مَن يَشَاء إِلَىٰ صِرَاطٍ مستَقِيمٍ) (یونس25)

(خوای گەورەش بانگەواز دەکات بۆ بەهەشتی پڕ لەشادی و ئاشتی و ئاسایش، هەر کەسێک ئەو زاتە بیەوێت خۆیشی



هەوڵ بدات بۆ بەدەستهێنانی ڕێنموویی دەکات بۆ ڕێگەو ڕێبازی ڕاست و دروست)

22.. (قَالَ قَد أجِيبَت دَعوَتكمَا فَاستَقِيمَا وَلَا تَتَبِعَانِ سَبِيلَ الَذِينَ لَا يَعلَمونَ) **(يونس89)**

(پەوەردگار فەرمووی: بێگومان دوعای هەردووکتان وەرگیرا (وادیارە هاروون (علیه السلام) بەکوڵ ئامینی کردوە) بەڵام ئێوە هەر بەردەوام بن لەسەر ڕێبازی ڕاست و دروستی هیدایەت و شوێن ڕێبازی ئەوانە مەکەون کە حەق نازانن و نافامن)

23.. (إِنِي تَوَكَلت عَلَى اللهِ رَبِي وَرَبِكم مَا مِن دَابَةٍ إِلَا هوَ آخِذٌ بِنَاصِيَتِهَا إِنَ رَبِي عَلَىٰ صِرَاطٍ مستَقِيمٍ)**(هود 56)**

(بەڕاستی من پشتم بەخوا بەستووە، کە پەروەردگاری من و پەروەردگاری ئێوەیشە، هیچ گیانلەبەرێك نیە جڵەوی بەدەست خوای گەورەوە نەبێت، بێگومان پەروەردگارم لەسەر بەرنامەو ڕێبازێکی ڕاست و دروستە)

24.. (فَاستَقِم كَمَا أمِرتَ وَمَن تَابَ مَعَكَ وَلَا تَطغَوا إِنَه بِمَا تَعمَلونَ بَصِيرٌ) **(هود 112)**



(ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) کەوابوو چۆن فەرمانت پێکراوە هەروا بەڕاست و بەڕێکی فەرمانەکان بەجێ بهێنە، هەروەها ئەو کەسانەش لەگەڵ تۆدان و گەڕاونەتەوە بۆ لای خواو تەوبەیان کردووە نەکەن لە سنووری فەرمانی خوا دەربچن چونکە بەڕاستی ئەو زاتە زۆر بینایە بەو کردەوانەی کە دەیکەن)

25.. (قَالَ هَٰذَا صِرَاطٌ عَلَيَ مستَقِيمٌ)(الحجر41)

(خوای گەورە فەرمووی: ئا ئەوە ڕێگەو ڕێبازێکی ڕاست و دروستە هەر بۆ لای من دێت و هەر من چاودێری دەکەم)

26.. (وَضَرَبَ الله مَثَلًا رَجلَينِ أَحَدهمَا أَبكَم لَا يَقدِر عَلَىٰ شَيءٍ وَهوَ كَلٌّ عَلَىٰ مَولَاه أَينَمَا يوَجِههُ لَا يَأتِ بِخَيرٍ هَل يَستَوِي هوَ وَمَن يَأمر بِالعَدلِ وَهوَ عَلَىٰ صِرَاطٍ مستَقِيمٍ)(النحل 76)

(هەروەها خوا نموونەی هێناوەتەوە بە دوو پیاو کە یەکێکیان لاڵ بێت و هیچی بۆ نەوترێت و هیچی بۆ نەکرێت و بووبێتە بار بەسەر هاوەڵ و کەس و کاریەوە، بۆ هەرچی و بۆ هەر کوێ ڕەوانە بکرێت خێر ناداتەوە، ئایا ئەو کەسە، وەکو ئەو کەسە وایە کە بەوپەڕی ئازادیەوە فەرمان بە دادو دادپەروەری بکات و ڕێبازی ڕاست و دروست بگرێتە بەر)



27.. (وَلَا تَتَّخِذوا أَيمَانَكم دَخَلًا بَينَكم فَتَزِلَ قَدَمٌ بَعدَ ثبوتِهَا وَتَذوقوا السوءَ بِمَا صَدَدتم عَن سَبِيلِ اللهِ وَلَكم عَذَابٌ عَظِيمٌ) (النحل 94)

نەکەن پەیمان و سوێندەکانتان بکەنە هۆی پیلان گێڕان و فێڵ و تەڵەکە لە نێوانتاندا تا پێتان هەڵنەخلیسکێت دوای ئەوەی قایم وەستابوو، تاڵاوی ناخۆش نەچێژن کاتێك بەهۆی ئەو کارەتانەوە بەربەست دەخەنە بەردەم ڕێبازی خوا ئەگەر وابکەن ئەوکاتە سزایەکی گەورەتان بۆ هەیە

28.. (شَاكِرًا لِأَنعمِهِ اجتَبَاه وَهَدَاه إِلَىٰ صِرَاطٍ مستَقِيمٍ)(النحل121)

(هەروەها زۆر سوپاسگوزاری خوا بوو لە بەرامبەر نازو نیعمەتی بێ شوماری پەروەردگاریەوە، ئەویش هەڵی بژاردو ڕێنموویی کرد بۆ ڕێبازی ڕاست و دروست)

29.. (وَأَوفوا الكَيلَ إِذَا كِلتم وَزِنوا بِالقِسطَاسِ المستَقِيمِ ذَٰلِكَ خَيرٌ وَأَحسَن تَأوِيلًا) (الاسراء 35)

(هەر کاتێك کێشان و پێوانتان ئەنجامدا بەڕێك و پێکی و تێرو تەواوی ئەنجامی بدەن، ئەو شێوەیە چاکترەو جوانترین ئەنجامی هەیە لە دنیادا ئاسووده دەبن و پاداشتی قیامەتیش بەدەست دەهێنن)

30.. (وَإِنَ اللهَ رَبِي وَرَبكم فَاعبدوه هَٰذَا صِرَاطٌ مستَقِيمٌ) (مريم 36)

(بەڕاستی هەر خوا پەروەردگاری منیش و پەروەردگاری ئێوەشە،کەوابوو بیپەرستن، ئەمەیە ڕێبازی ڕاست و دروست)

31.. (وَلِيَعلَمَ الَذِينَ أوتوا العِلمَ أَنَه الحَق مِن رَبِكَ فَيؤمِنوا بِهِ فَتخبِتَ لَه قلوبهم وَإِنَ اللهَ لَهَادِ الَذِينَ آمَنوا إِلَىٰ صِرَاطٍ مستَقِيمٍ) (الحج 54)

(بۆ ئەوەش ئەوانەی زانست و زانیاریان پێ بەخشراوە دڵنیابن و بزانن کە بێگومان ئەم قورئانە حەقیقەت و ڕاستە و لەلایەن پەروەردگاری تۆوە (ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) ڕەوانە کراوە ئینجا بڕوای پتەوی پێ دەهێنن و دڵەکانیشیان ملکەچ دەبێت بۆ خوا، بێگومان خوا هیدایەتدەری ئەوانەیە کە باوەڕیان هێناوە بۆ ڕێگە و ڕێبازی ڕاست و دروست)

32.. (لِكلِ أمَةٍ جَعَلنَا مَنسَكًا هم نَاسِكوه فَلَا ينَازِعنَكَ فِي الأَمرِ وَادع إِلَىٰ رَبِكَ إِنَكَ لَعَلَىٰ هدًى مستَقِيمٍ) (الحج67)

(بۆ هەر میللەتێك بەرنامە و پڕۆگرامێکمان دیاری کردووە پەیڕەوی دەکەن و لەسەری دەڕۆن بەگوێرەی کات و شوێن و بارودۆخیان، ئەم بەرنامەیەشمان ناردووە بۆ هەتا هەتایی کەواتە با خاوەن ئایینەکانی تر نەکەینە کێشە و ئاژاوە لەگەڵتدا لەبارەی ئەم ئایینەوە، ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) بەردەوام بەنگەوازی خەڵکی بکە بۆ لای پەروەردگارت



چونکە بەڕاستی تۆ لەسەر ڕێگە و ڕێباز و هیدایەتێکی ڕاست و دروستیت)

33.. (وَإِنَّكَ لَتَدعوهم إِلَىٰ صِرَاطٍ مستَقِيمٍ)(المؤمنون73)

(بێگومان تۆ بانگیان دەکەیت بۆ ڕێگەو ڕێبازێکی ڕاست و دروست)

34.. (لَقَد أَنزَلنَا آيَاتٍ مبَيِنَاتٍ وَالله يَهدِي مَن يَشَاء إِلَىٰ صِرَاطٍ مستَقِيمٍ) (النور 46)

(سوێند بە خوا بێگومان ئێمە چەندەها بەڵگەی ڕوون و ئاشکرامان دابەزاندووەو خوا هیدایەتی هەر کەسێك کە ویستی لەسەر بێت و خۆیشی بیەوێت دەدات بۆ ڕێگەو ڕێبازی ڕاست و دروست)

35.. (وَزِنوا بِالقِسطَاسِ المستَقِيمِ)(الشعراء182)

(بە تەرازوو پێوەری ڕاست و دروستیش کێشانە بکەن)

36.. (عَلَىٰ صِرَاطٍ مستَقِيمٍ) (یس 4)

(لەسەر ڕێگەو ڕێبازێکی ڕاست و دروستیت)

37.. (وَأَنِ اعبدونِي هَٰذَا صِرَاطٌ مستَقِيمٌ) (يس61)

(بەڵکو تەنها من بپەرستن کە هەر ئەمەیە ڕێگەو ڕێبازی ڕاست و دروست)

38.. (وَهَدَينَاهمَا الصِرَاطَ المستَقِيمَ) (الصافات118)

(هەروەها ڕێنموویی هەردووکیانمان کرد بۆ ڕێگە و ڕێبازی ڕاست و دروست تا قەومەکەیان سەرفراز بکەن)

39.. (فَلِذَٰلِكَ فَادع وَاستَقِم كَمَا أمِرتَ وَلَا تَتَبِع أَهوَاءَهم وَقل آمَنت بِمَا أَنزَلَ الله مِن كِتَابٍ وَأمِرت لِأَعدِلَ بَينَكم الله رَبنَا وَرَبكم لَنَا أَعمَالنَا وَلَكم أَعمَالكم لَا حجَةَ بَينَنَا وَبَينَكم الله يَجمَع بَينَنَا وَإِلَيهِ المَصِير) (الشورى 15)

(کەواتە ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تۆ بۆ ئەوە بانگەواز بکە و پایادارو دامەزراوبە هەروەك فەرمانت پێ دراوە، شوێن ئارەزووی ئەوان مەکەوە و بەئاشکرا بڵێ: من، باوەڕم هێناوە بەو کتێب و پەیامانەی خوا بۆی ناردوم و فەرمانم پێدراوە کە دادپەروەری بەرپا بکەم لە نێوانتاندا، (الله) پەروەردگاری ئێمەیە و ئێوەشە، بێگومان دەرئەنجامی کردەی خۆمان بۆ خۆمانە و کردەوەی ئێوەش بۆ خۆتانە ئیتر



هیچ کێشەیەك نی یە لە نێوان ئێمە و ئێوەدا ، ئێمە و ئێوە هەر خوا خۆی کۆمان دەکاتەوە و گەڕانەوەش هەر بۆ لای ئەوە)

40.. (وَكَذَٰلِكَ أَوحَينَا إِلَيكَ روحًا مِن أَمرِنَا مَا كنتَ تَدرِي مَا الكِتَاب وَلَا الإِيمَان وَلَٰكِن جَعَلنَاه نورًا نَهدِي بِهِ مَن نَشَاء مِن عِبَادِنَا وَإِنَكَ لَتَهدِي إِلَىٰ صِرَاطٍ مستَقِيمٍ) (الشورى52)

)ئەی محمد صلى الله عليه وسلم ئا بەوشێوەیەی کە وتمان ئێمە قورئانمان بۆ ڕەوانە کردیت لە لایەن خۆمانەوە تۆ نەتدەزانی قورئان چیە و ئیمان چیە، بەڵام ئێمە ئەم قورئانەمان کردە ڕوناکی ونورێك کە هیدایەت و ڕێنمویی هەر کەس کە بمانەوێت لە بەندەکانمانی پێ دەکەین، بێگومان تۆ ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ڕێنیشان دەریت و ڕێنموی دەکەی بۆ ڕێگە و ڕێبازێکی ڕاست و دروست)

41.. (فَاستَمسِك بِالَذِي أوحِيَ إِلَيكَ إِنَكَ عَلَىٰ صِرَاطٍ مستَقِيمٍ)
(الزخرف43)

(کەواتە تۆ بێ خەم بەو پابەندی ئەوەبە کە نیگات بۆ کراوە، چونکە تۆ بەڕاستی لەسەر ڕێگە و ڕێباز و بەرنامەیەکی ڕاست و دروستیت)

42.. (وَإِنَه لَعِلمٌ لِلسَاعَةِ فَلَا تَمتَرنَ بِهَا وَاتَبِعونِ هَٰذَا صِرَاطٌ مستَقِيمٌ) (الزخرف 61)

(بەڕاستی لە دایکبوونی عیسا، بەبێ باوك بەڵگەیە لەسەر قیامەت کەواتە بەگومان مەبن لێی و باوەڕی پێبهێنن و پێیان بڵێ: هەر پەیڕەوی لە زاتی من بکەن هەر ئەوەشە ڕێگەی ڕاست و دروست)

43.. (إِنَ اللهَ هوَ رَبِي وَرَبكم فَاعبدوه هَٰذَا صِرَاطٌ مستَقِيمٌ)

(الزخرف 64)

(بەڕاستی خوای گەورە پەروەردگاری منیش و ئێوەشە تەنها ئەو بپەرستن، هەر ئەمەشە ڕێگە و ڕێبازی ڕاست و دروست)

44.. (لِيَغفِرَ لَكَ الله مَا تَقَدَمَ مِن ذَنبِكَ وَمَا تَأَخَرَ وَيتِمَ نِعمَتَه عَلَيكَ وَيَهدِيَكَ صِرَاطًا مستَقِيمًا) (الفتح 2)

(تا خوا لەهەموو گوناهانی ڕابوردوو ئایندەشت خۆش ببێت و بەخشینەکانی لەسەرت تەواو بکات و بتخاتەسەر ڕێگەی ڕاست و دروست)

45.. (وَعَدَكم الله مَغَانِمَ كَثِيرَةً تَأخذونَهَا فَعَجَلَ لَكم هَٰذِهِ وَكَفَ أَيدِيَ النَاسِ عَنكم وَلِتَكونَ آيَةً لِلمؤمِنِينَ وَيَهدِيَكم صِرَاطًا مستَقِيمًا)
(الفتح 20)

(الله) بەڵێنی دەستکەوتێکی زۆری پێداون کە دەستتان دەکەوێت، جا ئەمەتان بۆ پێش دەخات کە خەیبەرە، هەروەها دەستی خەڵکتان لێدەگرێتەوە و ناهێڵێت دەستدرێژی بکەنە سەرتان، تا ئەم سەرکەوتنەش ببێت بە نیشانەیەکی مەزن بۆ باوەڕداران و ڕێنماییان بکات بۆ ڕێگای ڕاست. و باشتر بزانن کە ئەوان لەسەر ئایینێکی حەقن و پەروەردگار یارمەتیدەریانە

46.. (أَفَمَن يَمشِي مكِبًا عَلَىٰ وَجهِهِ أَهدَىٰ أَمَن يَمشِي سَوِيًا عَلَىٰ صِرَاطٍ مستَقِيمٍ) (الملک 22)

(جا ئایا ئەو کەسەی کە دەمەو ڕوو کەوتووەو بەو حاڵەوە دەڕوات، چاکتر ڕێگە دەزانێت؟ یان ئەو کەسەی کە بەسەر شەقامێکی ڕاست و ڕەواندا بە ڕێك و پێکی دەڕوات بەڕێوە)

47.. (لِمَن شَاءَ مِنكم أَن يَستَقِيمَ) (التكوير28)

(بۆ ئەوانەتان کە دەیانەوێت ڕێبازی ڕاست و دروست بگرنەبەر)

48.. (وَلَولَا أَن ثَبَّتنَاكَ لَقَد كِدتَ تَركَن إِلَيهِم شَيئًا قَلِيلًا) (الاسراء 74)

خۆ ئەگەر ئێمە تۆمان پایەدارودامەزراو نەکردایە، ئەوە بەڕاستی نزیك بووایت کەمێك بە لایاندا مەیل بکەیت و بەدڵی ئەوان بکەیت

49.. (رَبَّنَا لَا تزِغ قلوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا وَهَبْ لَنَا مِن لَدنكَ رَحْمَةً إِنَّكَ أَنتَ ٱلْوَهَاب) (ال عمران 8)

ئەی پەروەردگارمان دڵەکانمان لا مەدە لە ئایین پاش ئەوەی کە هیدایەتت داین و ڕێنمایت کردین، وە لە لایەن خۆتەوە ڕەحمەت و سۆزمان پێببەخشە بێگومان تۆ هەر خۆتیت بەخشندە.

50.. (يَٰٓأَيهَا ٱلَذِينَ ءَامَنوَا إِن تَنصروا ٱللَهَ يَنصرْكمْ وَيثَبِتْ أَقْدَامَكمْ) (محمد ٧)



ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە ئەگەر ئێوە بە ڕاستی یارمەتی ئایینی خودا بدەن، ئەوا خوداش یارمەتی ئێوە دەدات و پێتان لەسەر ڕێگای ڕاست و خواپەرستی ڕاستەقینە پتەو دەکات. و دامەزراو و سەقامگیرتان دەکات

51.. (وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ ٱلْقُرْءَانُ جُمْلَةً وَٰحِدَةً ۚ كَذَٰلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِۦ فُؤَادَكَ ۖ وَرَتَّلْنَٰهُ تَرْتِيلًا) (الفرقان 32)

ئەمجا ئەوانەی باوەڕیان بە اللە تەعالا نییە دەڵێن بۆچی قورئان هەمووی بەیەکجار دانەبەزی بۆ پێغەمبەر، وە بۆچی بەبەش بەش دابەزی بۆی؟ اللە (سبحانە وتعالی) وەڵامیان دەداتەوە و دەفەرموێت: ئەم قورئانەمان بەبەش بەش و جیا جیا دابەزاند تاوەکو دڵی تۆی پێ جێگیر و دامەزراو بکەین - ئەی پێغەمبەر- وە هێدی هێدی خوێندمانەوە بۆت و دامانبەزاند بۆ سەرت تاوەکو ئاسان بێت بۆ تێگەیشتن و لەبەرکردنی

52.. (وَمَا كَانَ قَولَهم إِلَا أَن قَالوا رَبَنَا اغفِر لَنَا ذنوبَنَا وَإِسرَافَنَا فِي أَمرِنَا وَثَبِت أَقدَامَنَا وَانصرنَا عَلَى القَومِ الكَافِرِينَ)(ال عمران147)

(ئەوکاتە گوفتاریان تەنها ئەمە بووە کە وتویانە:
پەروەردگارا لە گوناهو هەڵەکانمان ببورەو لە زیادەڕەوی کاروبارمان خۆش ببە، دامەزراومان بکە، سەرمان بخە بەسەر ئەم گەلە بێباوەڕەدا)

53.. (وَلَمَا بَرَزوا لِجَالوتَ وَجنودِهِ قَالوا رَبَنَا أَفرِغ عَلَينَا صَبرًا وَثَبِت أَقدَامَنَا وَانصرنَا عَلَى القَومِ الكَافِرِينَ) (البقرە 250)

(کاتێک لە بەرامبەر جالوط و سەربازانیەوە وەستان (نزایان کردو) وتیان: پەروەردگارا خۆگری و ئارامگریمان پێ ببەخشە، (دڵ و دەروون و) پێکانمان دامەزراو بکە و سەرمان بخە بەسەر قەوم و هۆزی بێباوەڕاندا)

54.. (رَبَنَا لَا تزِغ قلوبَنَا بَعدَ إِذ هَدَيتَنَا وَهَب لَنَا مِن لَدنكَ رَحمَةً إِنَكَ أَنتَ الوَهَاب)(ال عمران 8)

(ئەوانە دەڵێن پەروەردگارا..

دوای ئەوەی کە هیدایەت و ڕێنموویيت کردین، دڵەکانمان لامەدە لە ڕێگەی ڕاست و لە ڕەحمەت و بەخششی تایبەت

خۆت بەهرەوەرمان بکە، چونکە بەڕاستی تۆ بەخشندە و بەخشێنەری)

55.. (إِذۡ يغَشِيكم ٱلنعَاسَ أَمَنَةٗ مِنۡه وَينَزِل عَلَيۡكم مِنَ ٱلسَمَآءِ مَآءٗ لِيطَهِرَكم بِهِۦ وَيذۡهِبَ عَنكمۡ رِجۡزَ ٱلشَيۡطَٰنِ وَلِيَرۡبِطَ عَلَىٰ قلوبِكمۡ وَيثَبِتَ بِهِ ٱلۡأَقۡدَامَ) (الأنفال 11)

(ئەی باوەڕداران - ئەو کاتە وەبیر خۆتان بهێننەوە کاتێک خوای گەورە بە وەنەوز و خەوەنوچکە لەو کاتی نارەحەتی و ترسدا لەدوژمنەکانتان بەهێمنی و ئاسودەیی دایگرتن، وە بارانیشی لەئاسمانەوە بۆ باراندن ، تاوەکو لەچڵک و پیسی و بێ دەست نوێژی پاکتان بکاتەوە، وە بۆ ئەوەش وەسوەسە و هەموو نیازێکی خراپی شەیتانتان لێ دوور بخاتەوە، وە دڵتان دامەزراو بکات تاوەکو و جەستەتان لەمەیدانی جەنگدا مەحکەم و سەقامگیر بکات، وە پێیەکانتان لەگۆڕەپانی جیهاددا دامەزراو بکات بەوەی ئەو زەویە لماویەی بەو بارانە تەڕ و پاراو کرد لەبەر ئەوەی پێیەکان جێگیر بن لەسەری و نەخلسکێن)

56.. (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا إِذَا لَقِيتُمۡ فِئَةٗ فَٱثۡبُتُواْ وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ) (الأنفال 45)

(ئەی ئەوانەی باوەڕیان بەخوا هێناوە و شوێن پێغەمبەرەکەی کەوتوون، ئەگەر هاتوو ڕووبەڕووی دەستەیەک لە بێباوەڕان بوونەوە بەرامبەریان مەحکەم و دامەزراو بن و ترسنۆک نەبن، وە زۆر یادی خوا بکەن و لێ بپارێنەوە، چونکە بێگومان ئەو بەدەسەلاتە بەوەی سەرتان بخات بەسەریاندا، بە ئومێدی ئەوەی داوای دەکەن لێی دەستان بکەوێت، وە بەدوورتان بگرێت لەوەی لێی دەترسێن)

57.. (يَمۡحُواْ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ وَيُثۡبِتُۖ وَعِندَهُۥٓ أُمُّ ٱلۡكِتَٰبِ) (الرعد 39)

(خودا هەرچییەکی بووێ لەناوی ئەبات و ئەیسڕێتەوە، وە ئەوەش کە ئارەزووی لێبێ دایئەمەزرێنێت و ئەیچەسپێنێت، وە نوسینی بنەڕەتی هەر لای خۆیەتی واتە هەموو گۆڕانکارییەکان بە بڕیاری خودایە و لەڕاستیشدا ئەو گۆڕانکاریانە لەبەرچاوی ئێمە و فریشتەکانە، ئەگینا بڕیاری سەرەکی خودا گۆڕانکاری تێدا ناکرێت و بەگوێرەی زانیاری خۆی چی تۆمار کردوە لە "لوح المحفوظ"دا هەر ئەوە ئەبێ، بە بێ کەم و زیاد)

58.. (قل نَزَلَه روح القدسِ مِن رَبِكَ بِالحَقِ لِيثَبِتَ الَذِينَ آمَنوا وَهدًى وَبشرَىٰ لِلمسلِمِينَ) (النحل 102)

ئەی محمد صلی الله علیه وسلم پێیان بڵێ ڕوح القدس، (جوبرەئیل، ئەم قورئانەی) لە لایەن پەروەردگارتەوە بە حەق و ڕاستی دابەزاندووە، بۆ ئەوەی ئەوانەی باوەڕیان هێناوە دامەزراو پایەدار بکات و ڕێنموویی و مژدەشە بۆ موسوڵمانان.

59.. (وَمَثَل الَذِينَ ينفِقونَ أَموَالَهم ابتِغَاءَ مَرضَاتِ اللهِ وَتَثبِيتًا مِن أَنفسِهِم كَمَثَلِ جَنَةٍ بِرَبوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٌ فَآتَت أكلَهَا ضِعفَينِ فَإِن لَم يصِبهَا وَابِلٌ فَطَلٌ وَالله بِمَا تَعمَلونَ بَصِيرٌ) (البقرە265)

نموونەی ئەوانەی مالّ و سامانیان دەبەخشن لە پێناوی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوادا و بۆ دامەزراندن و ڕاهێنانی خۆیان لەسەر چاکەکاری، وەکو باخچەیەک وایە: لە بەرزاییەکدا بێت و بارانێکی دڵۆپ گەورە بیگرێتەوە و ببێتە هۆی ئەوەی کە دوو بەرامبەر بەرهەمی هەبێت، خۆ ئەگەر بارانی دڵۆپ گەورەش نەیگرێتەوە، ئەوە نمە باران پاراوی دەکات، خوای گەورەش بینایە بەو کارو کردەوانەی دەیکەن

60.. (وَلَو أَنَا كَتَبنَا عَلَيهِم أَنِ اقتلوا أَنفسَكم أَوِ اخرجوا مِن دِيَارِكم مَا فَعَلوه إِلَا قَلِيلٌ مِنهم وَلَو أَنَهم فَعَلوا مَا يوعَظونَ بِهِ لَكَانَ خَيرًا لَهم وَأَشَدَ تَثبِيتًا) (النساء66)



خۆ ئەگەر بەڕاستی ئێمە پێویستمان بکردایە لەسەریان کە خۆتان بکوژن، یان لە وڵات و نیشتمانتان دەرچن ئەوەیان نەدەکرد، مەگەر کەمێکیان نەبێت جا ئەگەر بەڕاستی ئەوانە بەگوێرەی ئامۆژگاری و فرمانی ئێمە ڕەفتاریان بکردایە، ئەوە چاکتر بوو بۆیان و دامەزراوترو چەسپاوتر دەبوون لەسەر حەق و ڕاستی...



بەشی سێیەم

کۆمەڵەک حەدیث دەربارەی استقامەت .

1.. عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم : «قَارِبوا وسَدِدوا، واعلَموا أَنَه لَن يَنجو أَحَد مِنكم بِعَمَلِهِ» قالوا: ولا أنت يا رسول الله؟ قال: «ولاَ أَنَا إِلاَ أَن يَتَغَمَدَنِي الله بِرَحمَة مِنه وَفَضل» صحيح مسلم - 2816

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «بە دوای ڕێبازە ڕاستەکە بگەڕێن وبە گوێرەی توانا لێی نزیک بنەوە، وبزانن کە هیچ یەکێک لە ئێوە بە کردەوەی خۆی ڕزگاری نابێت»، ووتیان: تەنانەت تۆش ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: «تەنانەت منیش، مەگەر خوای گەورە بە ڕەحمەت وفەزڵی خۆی دامبپۆشێت»

2.. عن أبي سعيد الخدري رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: «إذا أصبَح ابن آدَم، فإن الأعضاء كلَها تَكفر اللِسان، تقول: اتَقِ الله فِينَا، فإنَما نحن بِك؛ فإن استَقَمتَ استَقَمنَا، وإن اعوَجَجت اعوَجَجنَا» [صحيح] - [رواه الترمذي]



لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر نەوەی ئادەم بەیانی بەسەردا بێت هەموو ئەندامەکان ملکەچی زمان دەبن ودەڵێن تەقوای خوا بکە سەبارەت بە ئێمە بەڕاستی ئێمە وەکو تۆ دەبین ئەگەر لەسەر ڕێگای ڕاست بیت ئەوا ئێمەش لەسەر ڕێگای ڕاست دەبین وئەگەر تۆ لەسەر ڕێگای چەوت ولار بیت ئەوا ئێمە لەسەر ڕێگای چەوت ولار دەبین»

3.. عن أبي سَلَمة بن عبد الرحمن بن عَوف، قال: سألت عائشةَ أمَ المؤمنين رضي الله عنها ، بأيِ شيء كان نبي الله صلى الله عليه وسلم يفتَتِح صلاتَه إذا قام من الليل؟ قالت: كان إذا قام من الليل افتتح صلاتَه: «اللهمَ ربَ جِبرائيل، ومِيكائيل، وإسرافيل، فاطرَ السماوات والأرض، عالمَ الغيب والشهادة، أنت تحكم بين عبادك فيما كانوا فيه يختلفون، اهدني لما اختلِف فيه من الحق بإذنك، إنَك تهدي مَن تشاء إلى صراطٍ مستقيمٍ» [رواه مسلم]

لە ئەبی سەلەمەی کوڕی عبدالرحمانی کوڕی عەوفەوە دەڵێت: پرسیارم لە عائیشە دایکی ئیمانداران کرد -ڕەزای خوای لێبێت-، بە چی شتێک (چی زیکرێک یان خوێندنەوەیەک) پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نوێژی دەستپێدەکرد ئەگەر شەو هەستایە بۆ نوێژکردن؟ ووتی:

ئەگەر شەو هەستایە دەستی بە نوێژکردن دەکرد بە ئەم نزایە(اللهم رب جبرائيل، وميكائيل، وإسرافيل، فاطر السماوات والأرض، عالم الغيب والشهادة، أنت تحكم بين عبادك فيما كانوا فيه يختلفون، اهدني لما اختلف فيه من الحق بإذنك، إنك تهدي من تشاء إلى صراط مستقيم) (واتە: خودایە، پەروەردگاری جیبرائیل و میکائیل و ئیسرافیل، بەدیهێنەری ئاسمانەکان وزەوی، زانا بە نهێنی وئاشکراکان، تۆ فەرمان وحوکم دەکەیت لە نێوان بەندەکانتدا لەو شتانەی کەوا جیاوازییان تێدا هەیە، ڕێنموونیم بکە بۆ ئەو ڕاستییەی کە خەڵکی جیاوازییان تێدا هەیە بە فەزڵ و ویستی خۆت، بەڕاستی هەرکەسێك تۆ بتەوێت ڕێنموونی دەکەیت بۆ ڕێگای ڕاستی خۆت)

4.. عن علي بن أبي طالب رضي الله عنه قال: قال لي رسول الله صلى الله عليه وسلم : «قل: اللهم اهدِنِي، وسَدِدنِي». .
وفي رواية: «اللهم إني أسألك الهدَى والسَدَادَ» (رواه مسلم)

لە عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمی فەرموو: «بڵێ: (اللهم اهدِنِي، وسَدِدنِي)وله گێڕانەوەیەکدا (اللهم إني أسألك الهدَى والسَدَادَ)(واتە خودایە داوای هیدایەت وجێگربوون وبەردەوامیم لە تۆ دەکەم لەسەر ڕێگای ڕاست -لەسەر ئیستیقامەت)

5.. (عَن ابن مسعود قال ،خطَ رسول اللهِ صلَى الله عليهِ وسلَمَ خطًا بيدِه ثم قال : هذا سبيل اللهِ مستقيمًا، وخطَ خطوطًا عن يمينِه وشمالِه، ثم قال : هذه السبل ليس منها سبيلٌ إلا عليه شيطانٌ يدعو إليه، ثم قرأ : وَأَنَ هَذَا صِرَاطِي مستَقِيمًا فَاتَبِعوه وَلَا تَتَبِعوا السبلَ فَتَفَرَقَ بِكم عَن سَبِيلِهِ)
إسناده صحيح | التخريج : أخرجه أحمد (4142)،

تەنیا لە ڕێبازی ئیسلام پەیڕەوی بکەن: (ئیبن مەسعود) ئەڵێت: پەیامبەر(ﷺ) ڕۆژێ هێڵێکی ڕاستی کێشا، پاشان فەرمووی: ئەم هێڵە ڕاستە نموونەی ڕێگاو ڕێبازیی خوایە، ئینجا چەند هێڵێکی تری بەڕاست و چەپدا کێشاو، فەرمووی: ئەمانەش نموونەی لاڕێ و کوێرە ڕێگاکانە، چاکیش بزانن لەسەر هەر یەك لەوکوێرە ڕێگانە شەیتانێك لە ئادەمیی وەستاوەو، خەڵکیی بۆ بانگ دەکات ، ئینجا گوتی مەبەست ئەمەیە کەخوا ئەفەرموی: {وأن هذا صراطی مستقیما فاتبعوه} ئەم هێڵە ڕاستەیە بەرنامەو ڕێبازەکەی منە ، دەسا ئێوەیش ئەی ئیمانداران ! هەمیشە شوێنی بکەون و هەر بەودا بچن. {ولا تتبعوا السبل فتفرق بکم عن سبیلة} دەیەمی دەسپاردەکە خوا ئەفەرموێ: مەکەونە شوێنی ڕێچکەکانی تر، ئەوسا لە شارێگەکەی خوا بترازێن و پەڕاگەندە ببن {ذلکم وصاکم به لعلکم تتقون} ئەوانە گشت وەسیەت و ڕاسپاردەو ئامۆژگاری خوان ، دەسا بەڵکو ئێوەیش بیانپاریزن وسنووورشکێنی نەکەن

6.. (جابر بن عبد الله رضي الله تعالى عنه أن النبي صَلَى الله عَلَيهِ وَسَلَمَ قال: تركت فيكم ما لن تضلوا بعده إن اعتصمتم به؛ كتاب الله. وسنتي)رواه مسلم في صحيحه

لەجابری کوڕی عبدالله ڕەزای خودای لێبیت دەڵێت ، پێغەمبەری خودا صل الله عليه وسلم دەفەرموێت لەپاشە خۆم دوو شتم بۆ بەجێ هێشتوون کە ئەگەر دەستی پێوە بگرن ئەوا قەد گومڕا نابن یەکەم کتابی پەروەردیگار (قورئان) دووەمیان سونەتەکانی من

7.. عن أَنَسٍ رضى الله عنه قَالَ: (كَانَ رَسول اللَهِ صلى الله عليه وسلم يكثِر أَن يَقولَ: (يَا مقَلِبَ القلوبِ ثَبِت قَلبِي عَلَى دِينِكَ)، فَقلت: يَا رَسولَ اللَهِ، آمَنَا بِكَ، وَبِمَا جِئتَ بِهِ، فَهَل تَخَاف عَلَينَا؟ قَالَ: (نَعَم، إِنَ القلوبَ بَينَ أصبعَينِ مِن أَصَابِعِ اللَهِ، يقَلِبهَا كَيفَ يَشَاء) [رواه الترمذي وصححة الألباني]

واتە : لە ئەنەسەوە ڕەزای خوای لێبیت دەڵێت (پێغەمبەرمان صل الله عليه وسلم زۆر جار ئەو دوعای دەکرد دەیفەر موو : ئەی دامەزرێنەری دڵەکان ، دڵەکانمان جێگیربکە لەسەر دینەکەت ، گۆتم : ئەی رسول الله صل الله عليه وسلم ئەمە باوەڕمان بە تۆ و بەو ئایینەی کە هینایتت هەیە ،

ترست لێمان هەیە ؟ فەرموی بەڵێ دڵەکان لە نێوان پەنجەکانی خوای گەورە دان ، خوا بەویستی خۆی دەی سوڕێنی)

8.. عَبدَ اللهِ بنَ عَمرِو بنِ العَاصِ، يَقول: أَنَه سَمِعَ رَسولَ اللهِ (صَلَى الله عَلَيهِ وَسَلَمَ) ، يَقول: ((إِنَ قلوبَ بَنِي آدَمَ كلَهَا بَينَ إِصبَعَينِ مِن أَصَابِعِ الرَحمَنِ، كَقَلبٍ وَاحِدٍ، يصَرِفه حَيث يَشَاء)) ثمَ قَالَ رَسول اللهِ (صَلَى الله عَلَيهِ وَسَلَمَ):((اللهمَ مصَرِفَ القلوبِ صَرِف قلوبَنَا عَلَى طَاعَتِكَ)) رواه مسلم ...

(لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «دڵی هەموو نەوەکانی ئادەم لە نێوان دوو پەنجەن لە پەنجەکانی خودای میهرەبان (الرحمان)، وەکو یەک دڵ، بە ویستی خۆی دڵەکان هەڵدەگێڕێتەوە بۆ هەرشوێنێک بیەوێت» پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «(اللهم مصَرِفَ القلوبِ صَرِف قلوبَنا على طاعتك)(واتە: ئەی ئەو خودایەی کە دڵەکان هەڵدەگێڕیتەوە؛ دڵمان جێگیر بکە وهەڵیبگێڕەوە بەرەو گوێڕایەڵی کردنت)



9.. عن عائشة رضي الله عنها قالت: (سئل النبي صلى الله عليه وسلم أي الأعمال أَحَب الأعمالِ إلى اللهِ أدومها و إن قَلَ)

المحدث : الألباني | المصدر : صحيح الجامع

لە عائیشەی دایکی ئیماندارانەوە رضية الله عنها دەفەرموێ پرسیار کرا لە پێغەمبەری خودا چ کردەوەیەک خۆشەویست ترین کردەوەیە لای خودای میهرەبان ؟ فەرمووی خۆشەویست ترینی کردەوەکان لای خودا ئەوەیە کە بەردەوامبی لەسەری ئەگەر کەمیشبێ.

10.. عن سفيان بن عبدالله الثقفي -رضي الله عنه- قال: (يا رَسولَ اللهِ، قل لي في الإسلامِ قَولًا لا أسأَل عنه أَحَدًا بَعدَكَ، قالَ: قل: آمَنت باللَهِ، ثم استَقِم)

المصدر | صحيح مسلم

لە سفیانی کوڕی عبداللەی الثقفي یەوە ڕەزای خودای لێبیت دەڵێت ئەی پێغەمبەری خودا دەربارەی ئیسلام شتێکم پێ بڵێ کە لەدوای تۆ پێویستم نەبێ لەکەسی تر بپرسم ، ڕسول الله صل الله عليه وسلم فەرمووی بڵێ ئیمانم بە خودا هێناو لەپاشان بەردەوام بە لەسەری



11.. وعن ثوبان رضي الله عنه عن النبي، صلى الله عليه وسلم قال: «استقيموا ولن تحصوا، واعلموا أن خير أعمالكم الصلاة، ولن يحافظ على الوضوء إلا مؤمن» المصدر : صحيح ابن ماجه

لە ثوبانەوە ڕەزای خودای لێبێت دەڵێت پێغەمبەرمان صل الله عليه وسلم فەرمویی ، جێگیر بن (ولن تحصو) (زانایان چەن تەفسیریان بۆ مانای ئەو وشەیە داناوە یەکەمیان ،. جێگیر بن و پاداشتی ئەو جێگر بونە ئەوەندە زۆرە ناتوانن بیژمێرن .. دووەمیان جێگیر ببن و بە هەوڵو کۆششو هێزی خۆشتان نیە ئەو جێگیر بونە بەڵکوو ئەو جێگر بونە لەلایەن پەروەردگارەوەیە بە ئێوەی دەبەخشێ) وە بشزانن کە باشترین کردەوەکانتان نوێژە ، وەهیچ کەسێکیش ئاگاداری دەست نوێژەکەی نابێت جگە لە ئیماندار

12.. (عن أنس بن مالك قال: قال رسول الله ﷺ: لا يستقيم إيمان عبد حتى يستقيم قلبه، ولا يستقيم قلبه حتى يستقيم لسانه)[رواه أحمد 13071]

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ڕەزای خودای لێبت دەڵێت ، پێغەمبەری خودا صل الله عليه وسلم فەرمووی ، ئیمانی هیچ کام لەعەبدێک جێگیر نابێت تاوەکوو دڵی جێگیر دەبێت (جێگیر نابیت تاوەکوو دڵت پڕ دەبێت لەئیمان ، جێگیر نابیت تاوەکو دڵەکەت پڕ دەبێت لەخۆشەویستی



خودای تعالی وپڕ دەبیت لە خۆشەویستی گوێڕایەلی خوای میهرەبان ، جێگیر نابیت تاوەکوو دڵی پڕ دەبێت لەترس لەخودا لە خۆشەویستی لەخودا لە پشت بەستن بەخودا) وە دڵیشی جێگیر نابێت تاوەکوو زمانی جێگیر دەبێت



بەشی چوارەم

چەن قەول و وتەی (صەحابە وتابعي و اتباعي تابعي) لەسەر جێگیر بوون و بەردەوام بوون .

1- سئل أبو بكر الصديق رضي الله عنه عن الاستقامة، فقال: (أن لا تشرك بالله شيئاً)

1ـ پرسیار کرا لە ئەبو بەکري صدیق لەبارەی جێگیر بونو بەردەوام بونەوە ، فەرمووی (جێگیر بونو بەردەوام بوون ئەوەیە کە هیچ هاوەڵو شەریکێک بۆ خوای پەروەردگار بڕیار نەدەی)

2- وقال عمر بن الخطاب - رحمه الله -: (الاستقامة: أن تستقيم على الأمر والنهي ولا تروغ روغان الثعالب)

2ـ عمر کوڕی خطاب دەفەرموێ (جێگیربوون و بەردەوام بون لەسەر ئەمرەکانی پەروەردگار وە نەهیەکانی ،وە پەنا نەبەیتە بەر هیچ فێلو فڕێک وەکو ڕێویەکان)



3- وقال عثمان رضي الله عنه: (إخلاص العمل لله)

3ـ عثمان رضي الله عنه ، فەرمووی جێگیربونو بەردەوام بوون واتا (نیەت پاکی لەهەموو کارو کردەوەکانت بۆ الله عز وجل)

4- وقال علي رضي الله عنه: (بأنها أداء الفرائض)

4ـ علي رضي الله عنه فەرمووی (جێگیربونو بەردەوام بوون واتا جێبەجێ کردنی هەموو فەرِیزەکان)

5- وقال الحسن البصري رحمه الله: (استقاموا على أمر الله، فعملوا بطاعته، واجتنبوا معصيته)

5ـ حسن البصري رحمه الله فەرمووی (جێگیرو بەردەوام بن لەسەر ئەمرەکانی پەروەردیگار ، وەکار بکەن بە گوێرِایەلی خودا ، وە دوور بکەونەوە لە گوێرِایەلْ نەکردنی)

6- وقال مجاهد رحمه الله: (استقاموا على شهادة أن لا إله إلا الله حتى لحقوا بالله)

6ـ مجاهد رحمه الله فەرمووی (جێیگیر و بەردەوام بن لەسەر شەهادەی لا اله الا الله، تاوەکوو دەگەن بە الله)



7- وقال ابن زيد وقتادة رحمهما الله: (الاستقامة على طاعة الله)

7ـ ابن زيد و قتاده رحمه الله فەرموویان (جێگیر بوون لەسەر گوێی ڕایەڵی کردنی الله)

8- وقال الربيع بن خيثم رحمه الله: (الإعراض عما سوى الله)

8ـ ربيع بن خيثم رحمه الله فەرمووی (جگە لەوەی الله دای بەزاند پشت لەهەموو شتێکی تر بکەی)

9- وقال شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله: (أعظم الكرامة، لزوم الاستقامة)

9ـ شيخ الاسلام ابن تيميه رحمه الله فەرمووی (گەورەترین ڕێزلێنان بەردەوام بوونە لەسەر جێگیربون و دامەزراوی)

10- وقال الواسطى: (الخصلة التي بها كملت المحاسن، وبفقدها قبحت المحاسن)

10ـ الواسطی فەرمووی ، (دڵسۆزیە، کەبەو شتە کردەوەکان تەواو دەبن ، وەبە نەمانیشی چاکەکان ناشرین دەبن)



11- قال الإمام القرطبي رحمه الله: (اعتدلوا على طاعة الله، عقداً، وقولاً، وفعلاً، وداوموا على ذلك)

11ـ ئیمامی القرطبي رحمه الله فەرمووی (ڕاست بن و خۆتان چاک بکەن لەسەر گوێڕایەڵی کردنی خودا بە قسەو بە کردار وە بەردەوام بن لەسەر ئەم شتانە)

12- قال القشيرى: (الاستقامة درجة بها كمال الأمور وتمامها، وبوجودها حصول الخيرات ونظامها، ومن لم يكن مستقيماً في حالته، ضاع سعيه وخاب جهده)

12ـ القشیری دەفەرموێی (جێگیر بون پلەیەکە کە هەموو کارەکانت تەواو دەکات ، وەبەهەبوونیشی خێرو چاکەت بەدەست دەکەوێت ، وە ئەوەیشی کە جێیگیر نەبوو ئەوە هەموو هەوڵو کۆششو ماندوو بونەکانی بە زایە چوونەو وون بوونە)

13- وقال شيخ الإسلام الهروي رحمه الله: (الاجتهاد في اقتصاد)

13ـ الهروي رحمه الله فەرمووی (هەوڵوو کۆشش دان لە فێربوونی هەموو حوکمە شەرعیەکان)



14- وقال ابن تيمية رحمه الله: (الاستقامة على محبة الله وعبوديته، وعدم الالتفات عنه يمنة أو يسرى)

14 ـ ابن تيميه رحمه الله فەرمووی (جێگیر بوون لەسەر خۆشویستنی خودا و پەرستنی وا ڕاستو ڕەوان بە لەگەڵ الله دا ئەملا و ئەملا نەکەی)

15- وقال الفضيل بن عياض رحمه الله: (الزهد في الفانية، والرغبة في الباقية)

15ـ الفضيل بن عياض رحمه الله فەرمووی (جوێنێ نەدان بەوەی دەڕوات(مەبەستی دونیایە لەلات گرنیگ نەبێت کە فانیەیەو کاتیە و تەواو دەبێت) ، وە ئارەزوو کردن بەوەی کە. ماوە (مەبەستی لە بەهەشت و ئاخیرەتە) والله اعلم)

16- وقال وهب: (لا يكون هم أحدكم في كثرة العمل، ولكن ليكن همه في إحكامه وتحسينه، فإن العبد قد يصلي وهو يعصي الله في صلاته)

16- وهب فەرمووی (با خەمی ئێوە زۆری کارەکان نەبێت ،بەڵکوو با خەمو بایەخ دان بدات بە چۆنیەتی باشتر کردنی ، چونکە لەوانەیە کابرا نوێژی بکات ، بەڵام لەناو نویژەکانی دا بێ ئەمری خودا دەکات)

سەرچاوەکان

• قورئانی پیرۆز

•کتێبەکانی فەرمودە

• تەفسیری ئاسان و تەوحیدی

(رَبَنَا تَقَبَّل مِنَا إِنَّكَ أَنتَ السَمِيع العَلِيم)

پەروەردگارا ئەم کارەمان لێ وەربگرە و لە ڕیزی چاکەکانماندا تۆماری بکە، چونکە بەڕاستی تۆ خوایەکی زۆر بیسەرو زانایت.

ناوەڕۆک

پێشەکی ٤

بەشی یەکەم (کورتە باسێکی تەوبە) ٦

بەشی دووەم(استقامة) ١١

ئایەتەکانی قورئان دەربارەی استقامەت..... ١٣

بەشی سێیەم(کۆمەڵەک حەدیث دەربارەی استقامەت) ٣٧

بەشی چوارەم چەن قەول و وتەی (صەحابە وتابعي و اتباعي تابعي) لەسەر جێگیر بوون و بەردەوامبوون..... ٤٦

سەرچاوەکان..... ٥١